# ڕۆژ کەریم دەبێت لەکارە هونەریەکانماندا ڕ ە چاوی ئەوە بکەین کەئێمە کوردین و مۆرکی تایبەتی خۆمان هە یە




ئا: ئاسۆ

ڕۆژکەریم یەکێکە لەودەنگە دیارانەی نیو دونیای هونەری گۆرانی کوردیو توانیویەتی خزمەتێکی بەرچاو بەدونیای هونەری کوردی بکات ئالأبە باشی زانی لە ڕیگای چەندپرسیاریکەوە ئەم هونەرمەندە ئازیزە بدوێنێت و لەنزیکەوە ئاگاداری کارە هونەرییە کانی هونەرمەندبێت و وە لەرێگەی ئەم دیمانە یەوە تیشك بخریتە سەر کیشەکانی ئەمڕۆی هونەری کوردی

ئالأ: کاك ڕۆژ سەرەتا دەمەوێت بپرسم ڕۆژ کەریم چ کارێکی هونەری بەدەستەوەیە ؟

ڕۆژ/ ئێستا خەریکی ئەنجامدانی سیدی یەکی نو ێم کە لە وولاّتی سوید دەکرێت لە چەند ستۆدیۆیەك کە لەوەو پێش پەیوەندیمان لەگەڵدا کردوون .

ئالأ: هونەرمەندانی دەرەوەی وولاّت کە دێنەوە کوردستان تەنیا لەنێو شارەگەورەکان ئاهەنگ دەکەن زۆر کەم هونەرمەندان بیریان لەوە کردۆتەوە کەلەشوینەکانی کە ئاهەنگ بکەن پیتان وانیە ئەمە نیگەرانی لای دانیشتوانی ئەو ناوچانەی تری کوردستان دروست دەکات ئایاڕۆژکەریم بیری لەوە نەکردۆتەوە کە ئاهەنگ لەوشوینانە ساز بکات ؟

ڕۆژ:راستەبەلاّم ئەوە پەیوەندی هەیەبەدەزگاکانەوە نەك بەهونەرمەندانەوە لەبەر ئەوەی ئێمە کەدیینەوە بەسەدتکاوڕجاتاکارەکانمان بەوشێوەیەئەڕوات لەشارەگەورەکان ئینجابگرە شوینەبچکۆلەکان ، بە بۆچونیمن لەمەودوائەبێت کۆمپانیای ئەهلی پەیدابیێت وئەوان ئەوکارانە بکەن بۆئەوەی کەهونەرمەند بتوانێت زۆرترین کۆنسێرت لەزۆرترین شوێنەکانی کوردستان بکات وەهیوادارم کە ئەم جارە کۆنسێرتم کرد ئەوە لە بەرچاو بگرم سوپاس بۆئەم پرسیارەت لەجیگای خۆیایەتی .

ئالأ: تاچەند لەو کلیپانە ڕازیت کە لە ئەوروپاوە دەنێردرێنەوە بۆ کەناڵەکانی tvلەکوردستان ئایا پیتان وانیە بەشیك لەوکلیپانە مە ر جی کلیپی تیدانیە ؟

ڕۆژ: بەلّیٚ نەك هەندێك کلیپ بەڵکوهەندێك گۆرانیش هیچ مەرجێکیگۆرانی تیدانیەو بلاّویش دەکرێنەوە بەلاّم ئەوەت بیر نەچێت کە ئەو tv کوردیانە حیزبە کان بەڕێوەی دە بەن ، وە ئەوانیش بەشێکن لەزەوقی خەڵك بەلاّم ئەوەی کێشەیە من لەدەرەوەی tvکوردیەکان شتی سەیروسەمەرەتر ئەبینم خەڵکیش پێی خۆشەوە ئەشیکرێن واتە تەنها tvکوردیە کان بەرپرس نین لەو کارە , بە بۆچونی من tvکوردیە کان چەند پێیان بکرێت هەولْ ئەدەن کاری باش بۆ tvکانیان بکەن بەلاّم ئەوانیش گرفتی خۆیانیان هە یەو کاتی ئەوە ش هاتووە بەشێوە یەکی باشتر پێش دابەزاندنی کارە کان سانسۆرێکی باش بکرێت وە کە سانێکی باش دابنرێن کەلەوکارانە شارەزابن بۆئەوەی کەئیشێکیان وەر نەگرت و ڕەتیان کردەوە بزانن وەلاّمی ئەو کەسە بدەنەوە کەئەو بەرهەمەی ناردووە هۆکاری بلاّو نەکردەنەوە کەی پێبلّێن .

ئالاّ : : ئێستا هونەرمەندان بۆ ئەنجامدانی کارە هونەرییەکانیان دەبیٚ ڕوو لە حیزب و دەسەلاّت بکەن و پارە لەوان وەربگرن،پیتاوایە ئەم ڕیگایە کەهونەرمەندانی کورد هەڵیان بژاردوە ڕیگایەکی دروستە؟

ڕۆژ: ئەوەی راستی بێت من نازانم و ئاگاداری ئەوە نیم بەلاّم بۆئە م قەیرانەیکەئیستا هونەری کوردی پێیداتیدەپەڕێت پێویستە حکومەتی کوردستان دەست والأبێت بۆهاوکاری کردنی هونەرمەندەکان بەبیٚ جیاوازی کەدەلّیم جیاوازی مەبەستم جیاوازی هونەری نییە

مەبەستم جیاوازی کەسایەتییە ,  بۆنا ئەگەرهاوکاری بکرێین لەبەرئەوەی بەو هاوکاری یە هونەرەکە باشترو بەپێزتر دەبێت وە ئەوەش بەشێکە لە سیاسەتی هەموو حکومەتەکانی دونیا وە هیچ هونەرێك نیە لەدونیادا لەڕای خواپێش بکەوێت
ئەبێت هاوکاری ماددی لەپشت بێت .

ئالاَ: لەنیو هورمەندانی ناوخۆی کوردستان جۆرەنیگەرانیەك هەیە کەباس لەوە دەکەن هونەرمەندانی دەرەوەی وولاَت تە نیا بۆمەبەستی بازرگانیوپارە پەیداکردن دینەوە کوردستا ن و لە باتی ئاهەنگ بۆخەڵکی هەژاران بکەن دەچن ئاهەنگ بۆ بەرپرسە کان ڕیك دەخەن تۆوەك هونەرمەندێك کەلەدەرەوەی کوردستان دەژیت لە بەرا مبەر ئەم جۆرە لەڕخنانەدا چی دەڵێیت ؟

ڕۆژ : نەخێر وانیە چونکە نابێت ڕیبگرین لەهونەرمەندەکان وە دەبێت ئەوان ئەوشێوە هونەرە بکەن کەخۆیان حەزیان لێیەتی پاشان ئەبێت بە نیگەرانی یان نا ئەوە هونەرمەندەکە خۆی ئەبێت  بڕیاری ئەوە بدات  وە ئەوەشت بیر نەچێت هونەری گۆرانی کارێکی شەخسیەو حەزی خودی هونەرمەند خۆیەتی و ئەو سەرپشکە چۆن کارەکەی دەکات , لەگەڵ ئەوە شدا ئیستا لەکوردستان ستۆدیۆ و موزیك زانی باش هەیە بەلاَم وەك ووتم ئەوە حەزی هونەرمەند خۆیەتی  لەگەڵ  هەموو ئەو کە سانەشم کەدەبێت ڕە چاوی ئەوە بکەین کەئێمە کوردین و مۆرکی تایبەتی خۆمان هە یە ئەگەر لەهەرشوێنێکی دونیا کارە کانمان بکەین دەبێت ئاگاداربین ئەوە ون نەبێت لامان و بە ئامانە تەوە کارە کانمان بکەین .